# دیموکراسی رەش

**سەلاح حەسەن پاڵەوان**
palawan31@zonnet.nl

هەمیشە لە نێو فەرهەنگی دیموکراسیدا گوێمان لە کۆمەڵێ زاراوەی تایبەت بە کولتووری دیموکراسی بووە لە بابەتی دیموکراسی سوسیالیستی و دیموکراسی گەل و دیموکراسی شۆرشگێرانەو دیموکراسی لیبرالی...هتد ، بەڵام بڕوا ناکەم کەسانێک هەبن دیموکراسی رەنگاورەنگ و تایبەت بە رەنگەکانیان بیستبێت، واتە دیموکراسیەتی سپی و سوورو زەردو کەسک و شین. گەر ئەو شێوە دیموکراسیەش هەبێت واتە دیموکراسیەتی رەنگەکان ئەوا دیموکراسیەک نەبووە پێی بووترێ دیموکراسی رەش ، واتە دیموکراسیەک نیە چارەو روخساری ڕەش بێت ، ئاشکرایەو هەمووش ئەزانین لە نێو زۆربەی کولتوورەکاندا رەنگی رەش هێمایە بۆ شێوەیەک لە دڵتەنگی و ناسۆری و ماڵوێرانی ، سەرەڕای ئەوەش هێمایەکە بۆ خراپەکاریەکان. کەواتە ئەم رەنگە لەگەڵ زاراوەی دیموکراسی کە خوودی خۆی زاراوەویەکە هەموو ماناکانی چاکەکاری و خۆشبەختی و ئاوەدانیە، جێگای سەرسوڕمانە.

دیموکراسی و رەش دوو زاراوەو سیفەتی ناشارەزا بە یەکن و کەچی لەگەڵ یەکتریشدا دێن ، ئەم دوو زاراوەیە هێما نین بۆ پێکەوە ژیان، هێما نین بۆ دیاردەیەک کە رەنگدانەوەی خۆشبەختی و ئازادی و فەراهەمی بێت. دیموکراسی رەش ئەکرێ بکرێتە رێچکەیەک و لە بارەیەوە لێکۆڵینەوەی تایبەت بکرێت ، هەر لە لێکدانەوەی شێوەو رێبازو تێماو پەیڕەوانی تا ئەگاتە ئەو پڕشنگ و رەنگدانەوانەی بەدەوریدا پەرش ئەبنەوە . بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا من ئەمەوێ باسی بکەم بریتیە لەوەی کە ئەمڕۆ لە دنیادا تێرمێکی تایبەت لە مومارەسەکردنی دیموکراسی هەیە کە پێی ئەوترێ دیموکراسی بە نێو دیموکراسی ـ بە رەنگ سپی و خاوەن ئازادیە رووکەشیەکان ، سەربەستیە نەخشەبۆدانراوەکان، ئازادیە کارتۆنیەکانی رۆژنامەگەری و رادەربڕین و بیرکردنەوەو ووتن. سەرەڕای بوونی بڕێکی زۆر لافلێدان و دروشم بەرزکردنەوە.
دیموکراسی رەش مۆدەیەک و دیموکراسیەتێکی تێروتەسەلە ، تێروتەسەلە بە پڕوپاگەندەو پاڵپشت و ریکلامەو ئەو توانا ماددی و مەعنەویانەی کە لەبەردەستیدایە، بەڵام لە پشتی هەموو ئەوانەش جیهانێکی شاراوە هەیە ، لە پشتی پەردەکانیەوە مەزنترین ئابڕوچوون و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و لێسەندنەوەی ماف و رووڕەشکردن و ئابڕوبردن رووئەدەن ، دەزگای دیموکراسیە رەشەکان کۆمەڵە دەزگایەکە شێوەکەی کۆشکێکی سپیەو پەردەکانی ناوەوەی هەر هەموو رەشن، کێوێکی ووشکو دەیم ئاسا و بەفرێکی سپی داپۆشیوە، لە روخساری ئەو دزێوانە ئەچێت لە پشتی دەمامکە جوانەکانەوە لە کەرنەڤاڵی خۆشەویستسدا لەگەڵ دڵدارەکانیان عەشق ئەگۆڕنەوە.

دیموکراسی رەش دیموکراسیەکە نە لە دیکتاتۆریەت ئەچێت و نە ئەو بەهەشتەیە هەڵگرانی بانگەشەی بۆ ئەدەن. رەنگە هەندێک لە خوێنەران بڵێین : بەڵێ ئەو دیموکراسیە رەشەی تۆ باسی ئەکەی نموونەکانی زۆرن و زۆربوون ، هەر لە دیموکراسیەتی سەدام ومیلۆسۆڤیچ و قەزافی و موشەرەف تا دیموکراسی نەجاتی و موبارەک.....هتد.یان ئەو دیموکراسیانەی لە وڵاتانی سێیەم و وڵاتە هەژارەکاندا پیادە ئەکرێت ، یان ئەو دیموکراسیەی بە شەرە شەق و مۆڕەکردن و چاوزەقکردنەوە جێبەجێ ئەکرێت . حەز ئەکەم لێرەدا ئیستێک بکەم و بڵێم گەر مەبەستم لە دیموکراسی رەش ئەو ناوانە بێت ، ئەوە ئەتوانم بڵێم لە واقیعدا ئەوانە بەشێکن لە دیکتاتۆریە ماکیاژکراوەکان. دیموکراسیەتی رەش جیهانێکی تایبەتە ، زاراوەیەکی تایبەتە رەنگە لە فەرهەنگی رامیاری و ئابووری و ئایدیۆلۆژیدا بوونی نەبێت ، بەڵام لەسەر زەمینەی واقیعدا بوونی هەیە و نموونەشیان زۆرە، هەر هەمووان تا ئەم ساتەش لەو رەنگە رەشەی ئەم دیموکراسیە هەڵیگرتووە دڵنیانین ، ئایا ئەو رەنگە رەنگی حەقیقی خۆیەتی یان

ڕەنگکراوە ، دیموکراسیەتی ڕەش دیموکراسیەتی گێژکردن و سەرلێشێواندنە ، دیموکراسیەتی ئەو حەزانەیە لە دوورەوە جوانن کە نزیک ئەبیتەوە ناشیرین ئەنوێنن.

دیموکراسیەتی ڕەش ڕوویەکی دیکەی مۆدەی ئەو دیموکراسیانەیە لە جێگای خۆیان جوان و پاک و تەمیزن کە دێنە لای ئێمە دزێوو پۆخڵ و چڵکن ئەبن ، ئەو دیموکراسیەتە بەردێکە لە جێگای خۆی سەنگینەو لای ئێمە ئەوەندە سووکە وەکو تەختە سەر ئاو ئەکەوێ ، دیموکراسیەتی ڕەش کاتێک ئەگاتە لای ئێمە ڕەنگەکەی ئەگۆڕێ. کەواتە ئەمڕۆ لە دنیادا دیموکراسیەتی حەقیقی ئەوەیە کە ڕەنگەکەی نەگۆڕێ و یان خۆمان ڕەنگەکەی نەگۆڕین ، لە میسردا پاش سەردەمێک لە خۆبەدیموکراسی زانین بە کووشتن و تێهەڵدان و زیندانیکردن وەڵامی ئەوخۆپیشاندەرانە ئەدرێتەوە و سەرکردەی پارتەکان لەبەر بۆڕبۆڕینی دەسەڵات لە کونی زیندانەکانا ئەشاردرێنەوە، لە سایەی دیموکراسیەتی ووڵاتە برسیەکاندا مرۆڤ برسیتر ئەبێ و مافیاکان زێدەتر ئەبن ، لە سایەی دیموکراسیەتی هێنراودا مرۆڤ لەسەر ووشە زیندانی ئەکرێ و کتێبەکانی ئەسووتێنرێ و لە دەنگ و ڕەنگ و تەلەفزێۆن و رادیۆکانا ئابڵۆقەی ئەخرێتە سەر ، لە سایەی دیموکراسیە ڕەشەکانا ڕەشە خەڵک لە زیادبوونەو، کۆشکی مافیاکان سپیتر ئەبنەوە ، دیموکراسی ڕەش دیموکراسی تەڕکردنی لێوە تینووەکان نیە ، بەڵکو ووشکردنەوەی ئەو سەرچاوانەن کە قوڕگەکان تێر ئەکەن.

لە سیستەمی دیموکراسی ڕەشدا مەرج نیە ئازادی نەبێت ، نەخێر ئازادی هەیە ، خۆپیشاندان و ناڕەزایی و مانگرتن و نووسینی ئازاد و ووتنی ئازاد هەیە ، بەڵام بە چ شێوەیەک و بە چ زمانێک و لە چ مەنبەرێک و چ سەرچاوەو چۆن و بۆچی؟؟ هەموو ئەوانە هەن ، مەرج و یاساورێساو تایبەتمەندی خۆیان هەیە ئەوەی لەو هێڵانە دەرچێت حەتمەن ئەکەوێتە نێو کێڵگەی مینەوە ئەبێ وریابێت و پێیا نەتەقێتەوە، یان لەو شەوانەی کە لە خەونی خۆی دڵنیا نیە ئەبێ دەرگای ماڵەکەی جوان کلۆم بداو بە ڕێگاو تووله ڕێگا چۆڵەکانا گوزەر نەکات ، نەوەک ببێتە قوربانی کارەسات و بەسەرهاتی دڵتەزێن.
کە ئەڵێین دیموکراسی ڕەش مەبەستمان لە ململانێی نێوان ڕاست و چەپ و سەرمایەداری و سۆسیالیستی نیە، مەبەستمان لە دەستپاکی و ڕاستگۆیی و گەندەڵی نیە ، بەڵکو مەبەستمان لەو ئازادیانەیە کە دوو ڕوون ، ئەو بازاڕانەی نە ئازادن نە تایبەت ، ئەو لاوانەی خاوەن ئازادی رووکەشن و بەندکراوی ناخ ، ئەو ئافرەت و ژنانەی لە نێو دوڕیانەکانی ماف و ئازادیدا وونن و بەدەست بازرگانەکانەوە وەکو کەناریە جوانەکانی بازاڕی پەلەوەرانیان لێهاتووە .

لە هەموو دیموکراسیەکانا فلتەر و دیوار هەن بەڵام لە دیموکراسی ڕەشدا هیچ شتێک کۆدی نیە تەنیا زمان و سەر نەبێت ، هەموو شتێک بە نێو فلتەردا تێئەپەڕێ تەنیا تێماکانی ڕەوشت و ئیتیک نەبێت ، لەو دیموکراسیەدا ماچ قەدەخە نیە ، بەڵام کەس چێژ لە ماچ نابینێ، هەمووان سەرقاڵی دڵدارین و بەدووی جێگای ژواندا ئەگەڕێن ، بەڵام جێگاکانیش هەموو ئەبنە چاو.
ئەو دیموکراسیە سیحرێکی سەیرە هەرچەندێک باسی کەیت تەواو نابێت ، هەرچەندە هەموو ئەوانەی لە سایەیدا ئەژین بەردەوام لێوو زمانیان ناوەستێ ، ئەوەندە قسەکەر لەنێو ئەو دیموکراسیەدا هەیە ئەوەندە گوێگر نیە، زمانێکی زۆر ئەدوێنو گوێیەکی کەم گوێ ئەگرن ، ئەوەندەی زمانەکان ئامادەن گوێکان نین، ئەو دیموکراسیە تایبەتە بە ووتن نەک بیستن. سات لە دووای سات چرکە لە دوای چرکە پێکەنینەکانی ئەو دیموکراسیە زیاد ئەکەن و گریانەکانی کەم ئەبێت ، ئەوەی تێیدا زیاد ئەکات خەمەکانی ناخە ، مرۆڤەکانی نێو ئەو دیموکرسیە لە ناخەوە پیر ئەبێت ، بێوەژنان زیاد ئەکەن و قەیرە کچەکان ئەبنە لەشکرێکی نەبڕاوە. ئەوەی بەنێو دنیای ئەفسانەیی ئەم دیموکراسیەدا قوڵبێتەوە ، خەون ئەبینێ خەون ، بەڵام هەر زوو خەونەکانی ئەبنە زیندەخەوو.

**پێموایە تاقە ناوێک بۆ ئەو دیموکراسیەی سەرەوە تەنیا دیموکراسیەتی رەشە ، ئەوەی لە ئەنجامی کۆتاییدا وەدەست ئەکەوێت دیموکراسیەتی گەشبینی نیە بەڵکو رەشبینیە، ئەو دووکەڵانەی بەسەر شارەکانا رادەبورێن دووکەڵی رەشەو سنگەکان ئەتەنن .**